عێراق بەکارهێنانی خاک و کایە و ئاوەکانی بۆ بۆئامانجگرتنی هەر وڵاتێک ڕەتدەکاتەوە



سەباح نوعمان وتەبژی فەرمی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئەمڕۆ پێنجشەممە هەواڵستی ڕاگەیاندنی عێراق بۆ بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ هەر کردارێک کە هەر وڵاتێک بکاتە ئامانج،دووپاتکردەوە.

نوعمان لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەوە کۆتووە، ڕایگەیاند: لە سایەی پەرەسەندنە خێرا ناوچەییەکان و ئاڵۆگۆڕی و هەڕەشانەی هاوپەیمانن و کاریگەرییان لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە هەیە، کەماری عێراق جەخت لەسەر هەڵوەستی نەگۆڕ و بنەڕەتیی خۆی دەکاتەوە لە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی خاک، ئاسمان، یان ئاوە هەرەمییەکانی وەک دەستپێک بۆ هەر کارێکی سەربازی کە هەر وڵاتێک بکاتە ئامانج."

وتیشی: ئەم هەڵوەستە پشت بە حوکمەکانی دەستووری عێراق و سیاسەتی حکومەت دەبەستێت کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتان و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆییان دامەزراوە؛ ڕوونیشیکردەوە کە عێراق پابەندبوونی تەواوی هەیە بۆ ڕێگریکردن لەوەی خاکەکەی ببێتە مەیدانێک بۆ هەڕەشەکردن لە ئاسایش و سەقامگیریی هەموو وڵاتانی دراوسێ، یان تەوگلانی لە ململانێگەلێک کە خزمەت بۆ

بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی ناکەن.

ئاماژەی بەوەش کرد: حکومەتی عێراق داواکارییەکەی بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان نوێ دەکاتەوە بە دانبەخۆداگرتن و پشتبەستنی زمانی گفتوگۆ و دووركەوتنەوە لە پڕاسەندن و کارکردنی جیددی بە چارەسەرکردنی ناکێشەکان بە هەکارە ئاشتییانە و دیپلۆماسییەکان، بە جۆرێک کە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت و ناوچەکە لە گرژی و ناسەقامگیریی زیاتر دووربخاتەوە